حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان

بەشی ڕاگەیاندن

# ( ڕۆڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەگەشە پێدانی پەروەردەو فێرکردندا )

توێژینەوەیەکی مەیدانیە

پێشکەشکراوە بە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان

بەشی ڕاگەیاندن لەزانکۆی سلێمانی

وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی

بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەزانستی ڕاگەیاندندا


خوێندکار :

هەڵۆ محمد

سەرپەرشتیار

م.هاوری محمود


٢٠٢٠ز

٢٧٤٠ ك

دانپێدانانی سەرپەرشتیار

توێژینەوەی (                                        )   کەلەلایەن
خوێندکار (                                        ) پێشکەشکراوە،
بەسەرپەرشتی من لەکۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی ئەنجامدراوەو بەشێکە لەداواکارییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەڕاگەیاندندا.
(                                        )

واژۆ :

مامۆستا:

بەروار:

لەسەر ئەو ڕاسپاردەی سەرەوە ئەم توێژینەوەیە بۆ گفتوگۆ دەپاڵێوم.

واژۆ:

پ.ی.د.سەلام نصرالدین محمد

سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن

بەروار :    /    /  ٢٠٢٠

بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە-ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ-توێژینەوەی(                                        )

خوێندەوە لەگەڵ خوێندکار (                                        ) گفتوگۆمان لەسەر ناوەڕۆك و هەموو لایەنەکانی کر، پێمان وایە شایەنی پەسەندکردنە بەپلەی (          )

واژو:                                                    واژو:

دکتۆر:                                                   مامۆستا:

ئەندام:                                                  ئەندام:

واژو:

دکتۆر:

ئەندام و سەرپەرشتیار:

لەلایەن لیژنەی زانستی بەشی ڕاگەیاندنەوە پەسەندکرا

واژو:

سەرۆکی لیژنەی زانستی.

## ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە:

-پێشکەشە بە دایك و باوكم .

-پێشکەشە بەمامۆستای سەرپەرشتیارم (م.هاوڕێ محمود) کەهاوکار و پشتیوانم بووە لە ئەنجامدانی توێژینەوەکەم.

-پێشکەشە بەخانەوادەکەم و هەموو هاوڕێیانم.

## سوپاس و پێزانین:

-سوپاس بۆ خودای گەورە کەهەمیشە هاوکارو پشتیوانم بوە لەژیانمدا.

-سوپاس بۆ هەموو هاوکارانم لەتەواوبوونی ئەم توێژینەوەیە بەپێویستی دەزانم کەکۆمەڵێك ناو هەن کەجێگەی باسن سوپاسیان بکەم ئەگەر وەك وەفایەکیش بێت بۆیان.

-سوپاس بۆ مامۆستایانی بەشی ڕاگەیاندن کەبەردەوام هاوکارم بوون.

-سوپاس بۆ (م.هاوڕێ محمود) کەهاوکارم بوو بۆ دەستپێکردن و تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە.

| پێرست | |
|---|---|
| بابەت | لاپەرە |
| پێشکەشە بە | أ |
| سوپاس و پێزانین | ب |
| پێرست | ج |
| پێشەکی | ١ |
| بەشی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوە | ٢ |
| یەکەم: کێشەی توێژینەوە | ٣ |
| دووەم:گرنگی و بایەخی توێژینەوە | ٣ |
| سێیەم، ئامانجی توێژینەوە | ٣-٤ |
| چوارەم: جۆری تۆێژینەوەکەو ڕێبازەکەی | ٤ |
| پێنجەم: کۆمەڵگای تۆێژینەوە و سامپڵەکەی | ٤ |
| شەشەم: ئامرازی توێژینەوە | ٤ |
| حەوتەم: سنوری توێژینەوە | ٤ |
| هەشتەم: دیاریکردنی چەمك و زاراوەکان | ٤-٥ |
| نۆیەم: توێژینەوەکانی پێشوو: | ٥ |
| بەشی دووەم:(ڕۆڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەگەشەپێدانی پەروەردەو فێرکردندا) | ٦ |
| باسی یەکەم : ڕۆڵی تەلەفزیۆن لە کۆمەڵگادا | ٧-١١ |
| باسی دووەم: پەروەردە و فێرکردن | ١١-١٥ |
| باسی سێیەم : ڕۆڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەی لەگەشە پێدانی پەروەردە و فێرکردن | ١٥-١٩ |
| هەنگاوە کردەییەکان (لایەنی کردەنی توێژینەوە) | ٢٠ |
| خشتنەڕووی ئەنجامەکان | ٢١-٤١ |
| دەرئەنجام | ٤٢ |
| پێشنیار و ڕاسپاردە | ٤٣ |
| سەرچاوەکان | ٤٤-٤٥ |
| پاشکۆ | ٤٦ |
| فۆرمی ڕاپرسی | ٤٧-٥٠ |

# پێشەکی

لەئێستادا میدیا بە سەرجەم ئامرازە جیاوازە کانی نوسراو بینراو خوێندراو ئەلیکترۆنیەوە بووەتە میمبەرێکی کارا و کاریگەر لەسەر کۆمەڵگا بەتەواوی ڕەهەندە جیاوازە کانیەوە ئێستا میدیا خاوەن هەژمونێکی گەورەیە و تاکەکانی کۆمەڵگا ئاراستە دەکات و هۆشیاریان پێدەبەخشێت و ئاگادار و بەرچاورونیان دەکات لەمەڕ بابەت و پرسە جیاوازەکانی کۆمەلگا . لەو روانگەیەوە دەکرێت میدیا بەئاوێنەی کۆمەلگا دابنرێت و بەو چەکە دوولایەنە بناسێنرێت کە کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی هەیە لە سەر کۆمەڵگا.

میدیای گشتی لەگەڵ هەنگاونانی بۆتایبەتمەند بوون دابەش بوو بۆ سەر بوارگەلێکی هەمەجۆر کە هەموو سێکتەرەکانی ژیان دەگرێتەوە وەک (پەروەردەیی _زانستی _کۆمەلایەتی _ئابوریی _سیاسی........ هتد)

یەکێک لە بوارە گرنگە کان کە بپێویستی بە بایەخپێدان و ئاوڕلێدانەوە هەیە بواری پەروەردەو خوێندن و فێرکردنە .

لەو گۆشەنیگایەوە تویژەر لە میانەی ئەم تویژینەوە زانستیەداتیشکی خستوتە سەر میدیای پەروەردەیی و لە ژێر ناونیشانی (ڕۆڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەی لە گەشە پێدانی پەروەردە و فێرکردندا) تویژینەوەکەی ئەنجامداوە.

لەبەشی یەکەمدا تویژینەوەکەدا بە ناونیشانی (ڕۆڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەی لە گەشە پێدانی پەروەردە و فێرکردندا) ئاماژەم بە میتۆدی تویژینەوە داوە، لەبەشی دووەمی تویژینەوەدا بەناو نیشانی (ڕۆڵی تەلەفزیۆن لە کۆمەڵگادا) تیشکم خستوەتە سەر سەرباسەکان باسی یەکەم چەمکی تەلەفزیۆن و باسی دووەم چەمکی پەروەردە و فێرکردن و باسی سێیەم رۆڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەی لە گەشە پێدانی پەروەردە و فێرکردندا، بەشی سێیەم تەرخانم کردەوە بۆ لایەنی مەیدانی و لەکۆتاییدا تویژەر لیستی سەرچاوەکان و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خستووەتە ڕوو هەروەها گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتوو کان کەلە تویژینەوە کەوە بەدەس هاتووە خستوەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم :چوارچێوەی مەنهەجی  توێژینەوە

### باسی یەکەم: چوارچێوەی مەنهەجی

### یەکەم :کێشەی توێژینەوە

لەکوردستاندا میدیا بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە لەڕووی چەندایەتی وچۆنیەتیەوە میدیای زۆرمان هەیە میدیای گشتی و میدیای تایبەتی.لەناو میدیای تایبەتدا میدیای وەرزشی وئابوری وبازرگانی وپەروەردەیی هەیە، سەبارەت بەمیدیای پەروەردەیی بەلای توێژەرەوە ڕوون نیە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی تاچەند ڕۆڵی هەبووە لەگەشەپێدانی پەروەردەو فێرکردن لەکوردستاندا.

وەک دەوترێت ئاستی پەروەردەو فێرکردن لەکوردستاندا لەبەردەم گرفتی گەورەدایە وپێویستی بەچاکردن وبەرەو پێش بردنی زیاتر هەیە، ئایا میدیا بەگشتی وتەلەفزیۆنی پەروەردەیی تاچەند توانیویەتی هاوتەریب بێت لەگەڵ حکومەت ودام ودەزگا پەروەردەییەکان بۆچاکردن وگەشەپێدانی پەروەردەو فێرکردن، لەلای توێژەر ئەم ڕۆڵەی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی ڕوون نیەو توێژەر لەمیانەی ئەم توێژینەوەدا دەیەوێت ئەم ڕۆڵەی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی ڕوون بکاتەوە بەشێوەیەکی گشتی کێشەی ئەم توێژینەوە لەم پرسیارە سەرەکیەدا خۆی دەبینێتەوە.

ئایا ڕۆڵی تەفزیۆنی پەروەردەیی چیە لەگەشەپێدانی پەروەردەو فێرکردندا؟

### دووەم بایەخی توێژینەوە:

أ- بایەخی تیۆری

١ـ بایەخێک بۆزانستی ڕاگەیاندن :ئەم توێژینەوە گرنگی خۆی هەیە بۆبەشی ڕاگەیاندن دەبێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ خوێندکارانی بەشی ڕاگەیاندن سەبارەت بەزانیاری لەسەر تەلەفزیۆنی پەروەردەیی .

٢ـ بایەخ بۆ کتێبخانەی کوردی :بۆزیاتر دەوڵەمند کردنی کتێبخانەی کوردی وزیادکردنی سەرچاوە لەکتێبخانە کوردیەکاندا.

٣ـ بایەخ بۆناوەندەکانی فێرکردن:دەبێتە بەرچاو ڕوونیەک بۆ مامۆستایان لەسەر ڕۆڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەسەر پەروەردەو فێرکردن لەناو خوێندکاراندا.

ب-بایەخی پراکتیکی

بایەخ بۆ تەلەفزیۆنی پەروەردەیی دەبێتە پێوەرو سەرچاوەیەک کە بەبەرنامەکانیاندا بچنەوە بۆئەوەی ڕۆڵیان لەگەڵ حکومەت ولایەنی پەروەردەدا هاوتەریب بێت بۆگەشەپێدانی پەروەردەو فێرکردن.

## سێیەم ئامانجی توێژینەوە

١ -زانینی ڕۆڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەگەشەپێدانی پەروەردەی پەروەردەی فێرخوازاندا.

٢- زانینی ڕۆڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەی لەگەشەپێدانی فێرکردنی فێرخوازاندا.

٣- زانینی ڕۆڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەبوونی بەسەرچاوە بۆ فێرخوازان.

٤- فێرخوازان تەلەفزیۆنی پەروەردەیی وەکو سەرچاوەی پەروەردە بەکاردەهێنن.

٥- فێرخوازان تەلەفزیۆنی پەروەردەیی وەک سەرچاوەی فێرکردن بەکاردەهێنن.

## چوارەم: پرسیارەکانی توێژینەوە

١- ئایا ڕۆڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی چیە لەگەشەپێدانی پەروەردەی فێرخوازاندا ؟

٢- ئایا ڕۆڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی چیە لەگەشەپێدانی فێرکردنی فێرخوازاندا ؟

٣- ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بووە بەسەرچاوە بۆ فێرخوازان ؟

٤- ئایا فێرخوازان تەلەفزیۆنی پەروەردەیی وەک سەرچاوەی پەروەردەکردن بەکاردەهێنن ؟

٥- ئایا فێرخوازان تەلەفزیۆنی پەروەردەیی وەک سەرچاوەیەکی فێرکردن بەکاردەهێنن ؟

پێنجەم: کۆمەڵگەی توێژینەوە لەم توێژینەوەدا خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی وەک کۆمەڵگەی توێژینەوە وەردەگیرێت بۆزیاتر ڕونکردنەوەی ڕۆڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەگەشەپێدانی پەروەردەو فێرکردندا.

## شەشەم: سنوری توێژینەوە

١- بواری شوێن: بواری شوێنی توێژینەوە شاری سلێمانیە چونکە کەناڵی پەروەردەیی لە شاری سلێمانیەوە پەخش دەکات.

٢- بواری کات :بریتییە لەو کاتەی کەبەشی ڕاگەیاندن بۆ توێژەر دیاری کردوە کەلە ٢٠١٩/١١/١ دەست پێ دەکات بۆ ٢٠٢٠/٤/١.

٣ـ بواری مرۆیی: لەم توێژینەوەدا توێژەر خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی هەڵبژاردوە وەکو سامپڵی توێژینەوەکە.

## حەوتەم:ستراتیژیاتی مەنهەجی توێژینەوە

١- جۆری توێژینەوە

لەم توێژینەوەدا توێژەر میتۆدی توێژینەوەی وەسفی بەکارهێناوە،بەبەکارهێنانی ڕێبازی ڕووپێوی بۆ شیکردنەوەو هەڵسەگاندنی بابەتەکە.

٢- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

أ- فۆرمی ڕاپرسی،توەێژەر لەم توێژینەوەدا فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە بەشێوەیەکی نمونەی ومەبەستدار بەسەر خوێندکارانی قۆناغی ئامادەییدا دابەشی کردووە.

ب - سەرچاوە تایبەتەکانی بوارەکە

توەێژەر هەستاوە بەکۆکردنەوەی سەرچاوەتایبەتەکان بەبواری توێژینەوەکەی وبەکارهێنانی لەم توێژینەوەدا.

٣- سامپڵی توێژینەوە ئەم بەشانە لەخۆ دەگرێت

أ- جۆری سامپڵ :خوێندکارانی ئامادەیی.

ب - قەبارەی سامپڵ پەنجا خوێندکار.

ج - پاساوەکانی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە هەڵبژاردنی خوێندکاران بە سامپڵی توێژینەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم پاساوانەی لای خوارەوە.

١- توەێژەر دەتوانێت بەئاسانی دەستی بگات بەخوانێندکاران.

٢- تەلەفزیۆنی پەروەردەیی تایبەتە بە پەروەدەو فێرکردنی خوێندکاران.

٣- خوێندکاران توێژێکی تێگەیشتوون وتوانای گفتوگۆیان هەیە.

## ڕوونکردنەوەی زاراوەو چەمکەکان

یەکەم:ڕۆڵ توێژەر پێی وایە کۆمەڵێک چالاکیە کە دەکرێت تاک یاخود دەزگایەک ئەنجامی بدات بۆ گەشتن بەئامانجێکی دیاریکراو.

دووەم :تەلەفزیۆنی پەروەردەیی،لەڕوانینی توێژەرەوە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی تەلەفزیۆنێکە کار لەسەر پەروەردەو فێرکردن دەکات توێژەر دەیەوێت ڕۆڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەگەشەپێدانی پەروەردەو فێرکردندا بخاتەڕوو.

سێیەم :گەشەپێدان،مەبەست لەپێش خستن وبەرزکردنەوەی ئاستی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنە.

چوارەم :پەروەردە،مەبەست لە پرۆسەی پەروەردەکردنە لەبەرنامەکانی تەلەفزیۆنی پەروەردەیدا.

پێنجەم :فێرکردن،مەبەست لەپرۆسەی فێرکردنە لەتەلەفزیۆنی پەروەردەیدا.

شەشەم :خوێندکار،مەبەست لەخوێنداکارانی ئامادەییە کە توێژەر بە سامپڵی توێژینەوەکە

## بەشی دووەم

## باسی یەکەم

## رۆلی تەلەفزیۆن لە کۆمەڵگادا

### یەکەم :چەمکی تەلەفزیۆن

ئەگەر لە سەردەمی ڕابردودا زانیاری و هەواڵ و رووداوەکان بەهۆی دوریانەوە لە ئێمە بەشێوەیەکی هێواش پێمان گەشتبن ئەوا لە سەردەمی ئێستادا تەلەفزیۆن بوەتە ئەو دەروازە فراوانەی لەرێیەوە گشت زانیاری و ڕوداوەکان لەکەمترین ماوەدا بەوەرگران بگەیەنێت.

ووشەی (تەلەفزیۆن) لەڕووی زاراوەی پێکدێت لە هەردوو ووشەی، (tele)واتا لە دوورەوە وە (vixion)واتا بینین واتا لە دوورەوە بینین کە ئامرازێکی میدیای جەماوەرییە، لەسەردەمانێ پێی وتراوە سندوقی سحری واتا ئەو ئامرازە سەرسوڕهێنەری کەتوانای گەیاندنی زانیاری و پەیوەندی بە خەڵکێکی زۆرەوە دەکات بەدەنگ و ڕەنگەکەی"[1]

هاوکات تەلەفزیۆن دامەزراوەیەکی ڕۆشنبیری مەودا فراوانی بە هەژموونە لەسەر کۆمەڵ"[2]

لەلایەکی تریشەوە تەلەفزیۆن ئامرازێکی کاریگەرە بۆ ئاراستە کردن و گواستنەوەی پەیام و پەیوەندی کردن بەجەماوەرەوە لەرێگەی بەرنامە و پروگرامە جۆراوجۆرەکانیەوە بەدەنگ و رەنگ".[3]

دووەم :پێناسەی تەلەفزیۆن

دەکرێت لە چەندین ڕوانگەوە پێناسەی تەلەفزیۆن بکرێت

١ _تەلەفزیۆن ئامرازێکی ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنییە بۆ پەخشکردن و وەرگرتنی دەنگ و وێنەی جوڵاو لە دوورەوە.[4]

٢ _تەلەفزیۆن ئامرازێکی ڕاگەیاندنی خودییە بەواتایەک بینەر هەست بەنزیکی دەکات لەگەڵ بێژەرەکان و پێشکەشکاری بەرنامەکان.[5]

٣ _تەلەفزیۆن وەک مجرییەکی پرلەجادوو لەپاڵ یەخچاڵ و کورە و گەلێک کەرەسەی تری ناوماڵ جێگای خۆی لەژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا کردوەتەوە .[6]

---

[1] م.بەنازحمەرەشید، دەرس گوتاری، (ژانرەکانی تەلەفزیۆن)، قۆناغی سێیەم، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٩.

[2] محەمەد فەریق حەسەن، دەسەڵاتی چوارەم و زمانی تەلەفزیۆن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧، ل١٢.

[3] د. بروتسکی، الصحافةالتلفزيونية، دمشق، ١٩٩٠،ص١٨

[4] حەبیب کەرکوکی، پێشەکیەک بۆ زانستی رایگەیاندن،و لە عەرەبییەوە، ڕابەر رەشید، ٢٠٠٨،ل٥٥

[5] عاصف حميدي، کارکردن لە تەلەفزیۆندا، و. حەکیم عوسمان، چاپی یەکەم، ٢٠١٠

[6] برایم فەڕشی، تەلەوزیۆن لەنێوان دامەزراندن و داڕزاندندا، سەرماوەزی ٢٧٠٥،ئەڵمانیا.

٤ _تەلەفزیۆن بە کاریگەرترین هۆکارەکانی پێشکەوتنی راگەیاندن ئەژمار دەکرێت چونکە لەیەک کاتدا راستەوخۆ دەنگ و ڕەنگ و وێنەی جوڵاو پەخش دەکات.[٧]

لەگۆشە نیگای ئەو چەند پێناسەیەی کە بۆ تەلەفزیۆن کراوە توێژەر بەپێویستی ئەزانێت پێناسەیەکی گشتگیر لەدیدی خۆیەوە بخاتەڕوو

(تەلەفزیۆن ئامرازێکی پەیوەندی کردنە بۆ گەیاندنی زانیاری بەوەرگربەشێوەی دەنگ و ڕەنگ بەکەمترین کات)

سێیەم :مێژووی تەلەفزیۆن

دەرکەوتنی تەلەفزیۆن پەیوەستە بەناوی زانای بەریتانی (جۆن بێرد) داهێنانی بۆئەوە دەگەڕێتەوە ئەوئامێرە هەر ئەو توانی تەلەفزیۆن لەچوارچێوەی تیۆرەکانی زانایانەوە بەرەو ئەزموونی زیندوو ببات. ساڵی ١٩٢٤ توانی وێنەیەکی کاڵی خاچێکی بچووک بگوازێتەوە لەڕێگەی ئامێرە ئەزموونیەکانی بۆسەر شاشەیەکی بچووک کەبەسەردیوارێکدا هەڵواسرا بوو[٨].

لە سالانی ١٩٢٣_١٩٣٦ تەلەفزیۆن بەتایبەتی لەبەریتانیا پێشکەوتنێکی باشی بەخۆیەوە بینی و لەساڵی ١٩٣٦ یەکەمین تەلەفزیۆنی ڕەش و سپی کە بازرگانی بوو دروستکرا.[٩]

لەساڵی ١٩٣٥ لەسەر دەمی دەسەڵاتی رژێمی نازیدا، پەخشی بەرنامەکانی تلەوزیۆن دەستی پێکرد. سەرەتاکەسانێکی کەم لە ماڵەکانیان دا تلەوزیۆنیان هەبوو، خەڵک بۆ بینینی بەرنامەکانی تلەوزیۆن دەچوونە شوێنە گشتییەکانی وەک قاوە خانە.[١٠]

یەکەم سیستەمی تەلەفزیۆنی ئەلیکترۆنی کە بەتەواوی خرایەڕوو لەلایەن تایلۆرنزوۆرس (Taylor Farnsworth Philo)بوولەپایزی ساڵی١٩٢٧. یەکەم وێستگەی تەلەفزیۆنی کە کرایەوە (سکنکلتادی) نیۆرک بوو لە ١٩٢٨/٨/١١. کەچی تۆڕی NBC یەکەم پەخشی تەلەفزیۆنی ڕێکوپێکی لەساڵی ١٩٣٥ دا پەخشکرد. [١١]

ساڵی ١٩٢٧ بۆیەکەمین جار وێنەی تەلەفزیۆنی لە واشنتن گوازرایەوە بۆ نیۆرک، بەرنامەی تەلەفزیۆنی پەخشکرد. یەکەمین سەرۆکی ئەمریکا (ڕۆزفێلت) وێنەی لە تەلەفزیۆن بڵاوکراوەتەوە.[١٢]

تەلەفزیۆن پێش هەموو دەزگاکانی تری بواری هۆشیاری کۆمەڵایەتی لەو تۆپە ئەلەمنیۆمیە وەرگرت لە ١٩٥٧/٤/١٠ دا لە سۆڤیەتی جارانەوە هەڵدرایە بۆشایی ئاسمانەوەو پاشان ناونرا مانگی دەستکرد ئێستا لە ڕێگەی ئەو مانگە دەستکردانەوە تەلەفزیۆن بووەتە چاو و گوێی مرۆڤی هاوچەرخ.

---

[٧] ئەمیر نامیق عبداللە، رادیۆ و تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان.
[٨] عاصف حمیدي، کارکردن لە تەلەفزیۆندا، و. حەکیم عوسمان، چاپی یەکەم، ٢٠١٠،ل١٧
[٩] سەباح مەجید، تەلەفزیۆنە کوردیەکان و ڕۆلی لە پێشخستنی کۆمەڵگادا، کەناڵە ئاسمانییەکان و کەناڵە ناوخۆییەکانی هەولێر وەک نموونە، ل٢٣
[١٠] برایم فەڕشی، تلەوزیۆن لە نێوان دامەزراندن و داڕزاندندا، ل٥
[١١] حەبیب کەرکوکی، و. ڕابەر رەشید، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، ل٥٥_ ٥٦
[١٢] مەجید ساڵح عەزیز، بنەما تیۆرییەکانی ڕای گشتی و ڕاگەیاندن، ٢٠٠٣ _ ٢٠٠٤، ل٦٩

چوارەم : تایبەت مەندیەکانی تەلەفزیۆن

ڕەنگە تەلەفزیۆن لەم سەردەمەی ئێستادا گرنگترین کەناڵ بێت بۆ کار کردنە سەر ئاستی هۆشیاری، لەهەمان کاتدا دەکرێت بڵێین تەلەفزیۆن گرنگترین ئامێرە کەمرۆڤ بەدرێژایی مێژووی خۆی دروستی کردبێت ئەم سندوقە ئەفسوناوییە مرۆڤی بەشێوەیەکی سەیر کۆنترۆڵ کردووە. بە دەگمەن ماڵێک شک دەبەیت ئامێرێکی تەلەفزیۆنی نەبێت، کەم کەسیش هەیە ڕۆژانە کاتی بەتاڵی خۆی لەبەردەم تەلەفزیۆندا بەسەر نەبات.[١٣]

چەندین هۆکار هەیە کەپاڵ بە بینەرە وە دەنێن لەنێوان گشت کەناڵە کانی دیکە دا زیاتر بایەخ بە تەلەفزیۆن بدەن و کاتی زیاتری بۆ تەرخان بکات ئەویش بە هۆی چەند تایبەتمەندیە کەوەیە. تەلەفزیۆن لە پێشەوەی کەناڵەکانە کەکاریگەری هەبێت لەسەر ژیانی خەڵک ئەویش بە هۆی هەبوونی تایبەتمەندییە سەرنج ڕاکێشە کانی، کە دەنگ و ڕەنگ و وێنە لەیەک کاتدا دەگوازێتەوە.[١٤]

لەبواری فێرکردندا هیچ کەناڵێکی دیکە وەک تەلەفزیۆن کاریگەر نیە، چونکە لە تەلەفزیۆن یەک مامۆستا پەیامێکی فێر کردن ئاراستەی هەزاران و چەندین ملیۆن بینەر دەکات.[١٥]

هەندێک پێیان وایە تەلەفزیۆن خوێندنگەیەکە تێیدا گشت مامۆستایان و ڕۆشنبیران و زانایانی کۆمەڵناسی و ڕۆژنامەنووسان ئەزموون و بۆچوونەکانی خۆیان دەخەنە ڕوو. سەبارەت بە ڕۆڵی پەروەردەی تەلەفزیۆن یەکێک لە سەرپەرشتیارانی تەلەفزیۆنی بەریتانی دەڵێت (تەلەفزیۆن بۆتە مامۆستای مەزنی گەل چونکە ئەوەی تەلەفزیۆن لەئێستادا ئەنجامی دەدات زۆر فراوانتر و کاریگەر ترە لەو کارانەی ڕۆژنامە لەسەرەتای سەدەی بیستەم ئەنجامی دەدا.[١٦]

تەلەفزیۆن کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە کەسەرەکیترینیان ئەمانەن

١ _کۆمێنتی سەر شاشە، ماناکان تەواو دەکات : نوسینی سەر شاشە ئەوانەی بە کۆمێنت ناو دەبرێن، ئەو بیرۆکەیە تەواو دەکەن کە دەنگ و وێنەکان بەشێکی تەواو دەکەن

٢ _تێکستەکان بەتەنها مانای ناتەواو دەبەخشن : دەگوترێت نوسینی تەلەفزیۆنی باش ئەونوسینەیە کاتێک بێ وێنە دەخوێنرێتەوە ماناکەی ڕوون نییە، یان دارشتنەکەی تەواو نییە، کەواتە وێنەش ڕۆڵی میحوەری لەتەواو کردنی پەیامەکان دەبینێت.

٣ _بەکارهێنانی دەستەواژە ئامازە ییە کان: واباشە لەگەڵ تێکستەکانی تەلەفزیۆن ئەو دەستەواژە ئاماژەیانەش بەکاربهێنرێت کە ڕێنمایی و ئاراستەی تەماشاکەر دەکەن بۆ وێنەکان.[١٧]

---

[١٣] مەجید ساڵح، بنەما تیۆرییەکانی رایگشتی و ڕاگەیاندن، ڕۆڵی میدیا لە دروستکردنی ڕایگشتیدا، مەکتەبی بیر و. هۆشیاری (ی. ن. ک) ٢٠٠٦،ل١٤٤

[١٤] مضفرمندوب، التلفزيون و دورالتربوي في حيات طفل،البغداد، ١٩٨٣،ص٩.

[١٥] د. جيهان أحمد رشتي، النظام الزاعيه المجتمعات الغربية، ص٨٩.

[١٦] د. جيهان أحمد رشتي، النظام الزاعيه المجتمعات الغربية، ص٨٩.

[١٧] مظفر مندوب، مصدر سابق، ص١٠.

پێنجەم : ئەرکەکانی تەلەفزیۆن

دەزگاکانی راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی بەگشتی کۆمەڵێک ئەرکیان لەئەستۆ دایە وەک (کۆکردەوە و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و دروستکردنی بیرورِا و چاودێری کردن) بەڵام کاتێک دەزگاکانی راگەیاندن سەربەخۆ و خودان لەیەک، کۆمەڵێک ئەرکی تایبەتی خۆیان دەکەوێتە ئەستۆ[١٨].

ئەو ئەرکانەی کە تەلەفزیۆن پێی هەڵدەستێت لە هەندێک ڕووەوە تایبەتن و کەناڵەکانی تری ڕاگەیاندن لە توانایاندا نییە پێی هەستن، چونکە تەلەفزیۆن لەپاڵ پەیامە ڕاگەیاندنەکانیدا جوانی و هونەریش پەخش دەکات .[١٩]

بەگشتی دەتوانرێت ئەرکە کانی تەلەفزیۆن لەسێ ئەرکی سەرەکیدا دەست نیشان بکرێت، کەبریتین لەم ئەرکانە

١ _ئەرکی کۆمەڵایەتی

ئەمڕۆ تەلەفزیۆن زیاد لەدایک و باوک لە نێو خێزاندا دەمێنێتەوە، خێزانیش بنەمای پێکهێنانی کۆمەڵگا و بنیادنانی بنەماو ئەتەکێتی کۆمەڵگایە، گورانکاریەکانیش بەردەوام لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە دەگوازرێتەوە چونکە تەلەفزیۆن بۆتە ئەو پەنجەرەی کە لەهەر ماڵەوە تاکەکانی خێزان جیهانی تێدا دەبینن، لەمەوە ئیتر کۆمەڵگا دەکەوێتە ژێر ئەرک و کارەکانی تەلەفزیۆنەوە بەلەبەر چاوگرتنی کلتور و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان تەلەفزیۆن دەتوانێت ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێت لەبوارە کۆمەلایەتیەکاندا بەهۆی بەرنامە جیاوازەکانیەوە

٢ _ئەرکی ئابووری

بەلەبەرچاوگرتنی تواناکانی تەلەفزیۆن وەک (دەنگ، وێنە، جوڵە، جوڵەهونەریەکان) سنورەکانی تێپەڕاندنوە بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەرکی ئابووری، بەتایبەت ڕیکلام کردن بۆ کاڵا بازرگانیەکان بۆ زیاتر گرینگی پێدان و پڕ فرۆشکردنیان، بەجۆرێک ڕیکلام لە تەلەفزیۆنەکاندا بەشێوازێک دەردەکەوێت کە پانتای فراوانیان داگیر کردووە، تائەو ڕادەیەش کە بە هۆی زۆری ڕیکلامەکەوە تەلەفزیۆنەکان ڕوو بە ڕووی ڕەخنەی زۆر دەبنەوە لەلایەن بینەرانەوە چونکە کاتێکی زۆر یان تەرخان کردووە بۆ ڕیکلامی بازرگانی.

٣ _ئەرکی سیاسی

تەلەفزیۆن ئەرکێکی گرنگی سیاسی جێبەجێ دەکات ئویش هەڵدەستێت بە گەیاندنی پەیامە سیاسیەکان چونکە وەک ئاشکرایە لای هەمووان سیاسەت بەبێ کۆمەڵگا بونی نیە و ناکرێت بۆیە پێویستە بەردەوام

---

[١٨] هاوژین عومەر، تەکنیکی نوسینی میدیای، چاپی یەکەم، ٢٠١٣، ل١٥٢ _ ١٥٣.

[١٩] فتح الله، ابراهیم سعید، الوضیفةالاخباریة القنوات الفضائیة في إقلیم کوردستان، الرسالة ماجستیر غیرمنشورە،قسم اعلام، کلیة علوم الانسانیە، جامعة السلمانیة، ٢٠٠٧، ص٣٢.

پەیامەکان بگەنە ناو خەڵک کە ئەمەش بە پلەی یەک لەلایەن میدیا و راگەیاندنەکانەوە جێبەجێ دەکرێت [٢٠].

**بەشی دووەم**

**باسی دووەم**

**پەروەردە و فێرکردن**

**چەمکی پەروەردە و فێرکردن**

سێکتەری پەروەردە و فێرکردن وەک کایەیەکی گرنگی ژیان لە ئەمڕۆدا کاریگەری راستەوخۆی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا هەیە بەئاراستەی پێ گەیاندنیان و بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، لەئێستادا پەروەردە و فێربوون لەسەر ئاستی جیهان گرنگی زۆری پێدەدرێت و یەکێکە لە کەرتە ئاڵۆز و بایەخدارە کان.[٢١]

پەروەردە و فێرکردن بونیادێکە ئەم بونیادە زۆر لایەن دەگرێتەوە و لە گشتێتی خویدا سیستەمێک پێک دەهێنێت سەر چاوەی بونیادە کە فەلسەفەی پەروەردەیە کە لەسەر بنەمای فەلسەفەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا یان فەلسەفەی دەوڵەت دادەڕێژێت، واتا لە هەر کۆمەڵگایەکدا بەپێی تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگایە تەلاری پەروەردە بینا دەکرێت[٢٢].

لەهەموو ولاتانی جیهاندا دەوڵەت بۆ کایەی پەروەردە و فێرکردن فەلسەفەی خۆی هەیە، دەوڵەت ڕوانگەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئاراستەکردنی نەوەکانی، بۆیە لەسەر ئەو بنچینە و بەلەبەر چاوگرتنی گرتنی تایبەت مەندیەکانی کۆمەلگا بۆ ئاراستەکردنی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن، کۆمەڵێک سیستەمی بنەڕەتی دادەنرێت.

پەروەردە و فێرکردن بە کردەوەیەک یان پروسەیەک دەگوترێت کەلەو رێگەیەوە، زانست، لێزانی، لێهاتوویی و چۆنێتی هەڵسوکەوت یان ئاکاری شیاو فێری تاک دەکات.[٢٣]

---

[٢٠] فتح الله، ابراهیم سعید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣
[٢١] صباح علي جاف، پەروەردە و فێربوون، گرفت و گۆڕان، ٢٠١١، ل٥٥
[٢٢] فوئاد قەرەداغی، بەرەو گوتاریکی پەروەردەیی نوێ، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٥٣ _ ٥٤.
[٢٣] هونەر کەمال قادر، روڵی مامۆستا لە پەروەردە و فێرکردن بەرواری سەردان، ٢٠٢٠/١/١٥.

www.komalnasany bingol. com

## بەشی دووەم

## باسی دووەم

## پەروەردە و فێرکردن

## پێناسەی پەروەردە

١ _جان جاک ڕۆسۆ (١٨١١ _ ١٧٧٨) کە بەرابەری پەروەردەی ڕۆژ ئاوای نوێ دادەنرێت لەپەرتکە بەناو بانگەکەیدا بەناوی (ئیمیل) سەبارەت بەگرنگی پەروەردە دەڵێت نابێت قوتابی فێر بکرێت بەڵکو دەبێت خۆی ڕاستیەکان بدۆزێتەوە، بەومانایەی پەروەردە کردارێکی خودییە و دەبێ لە سروشتی خودی منداڵ سەرچاوە بگرێت، بۆیە ڕۆسۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەرکی پەروەردەیە ئەو زەمینە بێنێتە کایە تاکو منداڵ بەشێوەیەکی سروشتی گەش بکات بەپشت بەستن بە مەیل و ئارەزوو بەشتە بایەخدارەکان.[٢٤]

٢ _پەروەردە کلیلی دەسپێکی ژیان و بەردەوامی گوزەران و ژیاری مرۆڤایەتیە، پەروەردە بۆتە زانستێکی سەربەخۆ و لەئێستادا بەپێوەری ژیارو ئاستی گەشە و پێشکەوتنی گەلانیش دادەنرێت، هیچ نەتەوەیەک یان کۆمەلگایەک ناتوانێت لەگەڵ کاروانی شارستانی جیهان ڕەوت بکات و درێژە بە مانەوەی خۆی بدات، ئەگەر خاوەنی پەرەوەردە یەکی تۆکمەو پێشکەوت و نەبێت.[٢٥]

## پێناسەی فێرکردن

١ _مامۆستا گرنترین ئەکتەرە لە فێرکردن و مەشقکردن، مامۆستا قوتابی ڕێک دەخات یارمەتی دەدات لە ئەزموونەکانی فێربوونیان و کاریگەری ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندن لەسەریان و هەردەم قوتابی ئامادە دەکەن بۆ فێربوون.[٢٦]

فێربوون و وەرگرتنی زانست دەبێت لەکەشێکی کراوە و شەفافدا ڕوودات، دەبێت ئەتمۆسفێرێکی ڕێگە پێدەر دەرگا ئاوەڵا بکات لەسەر ویستی قوتابیان بۆ فێربوون و بەهێز کردنی توانایان لە دەسپێشخەری کردن، خوێندن و فێربوون دەبێت وا لە قوتابی بکات کەبەرامبەر کێشەکان بووەستن و توانای دروستبوونی دۆزینەوەی چارەسەری کێشەیان تێدا فراوان بکات.[٢٧]

---

[٢٤] چنارە سەعد عەبدوڵلا، پەروەردە و نەتەوایەتی، چاپی یەکەم، ٢٠١٠، ل١٧.
[٢٥] زاهید حسن، سۆما سەرحەد، پەروەردە و فەلسەفەی پەروەردە، ، بەرواری سەردان، ١٧/ ١/ ٢٠٢٠.
http:/penus.krd / index
[٢٦] ئەحمەد قەرەداغی، ئەزموونی گەلان لەبواری پەروەردە و فێرکردندا، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٣، ل٣٩٨
[٢٧] هۆمەر قەرەداغی، سیستەمی فێرکاری، چاپی دووەم، کوردستان، ٢٠٠٦، ل٥

## بەشی دووەم

### باسی سێیەم

### ڕۆڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەی لەگەشە پێدانی پەروەردە و فێرکردن

یەکەم : پێناسەی تەلەفزیۆنی پەروەردەی ، کەناڵێکی فەرمی پەروەردەیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەمەبەستی هاوکاریکردنی پڕۆژەی پەروەردە و فێرکردن دامەزراوە و بەرنامەکانی بەزمانی کوردی پەخش دەکات.

**دووەم: مێژووی تەلەفزیۆنی پەروەردەی**

بیرۆکەی دامەزراندنی تەلەفزیۆنی پەروەردەی سەرەتا لە لایەن وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ٢٠٠٢ پێشنیار کراوە لەلایەن نەرمین عوسمان، لەشەوی ٢٠٠٢/٥/١٩ تەلەفزیۆنی پەروەردەیی یەکەمین پەخشی ئەزموونی دەستپێکرد، هەنگاو بە هەنگاو پەخشەکە فراوان کراوە، لە ٢٠١٩/١٢/٢١، پەخشی تەلەفزیۆنەکە گۆڕدرا بۆ HDلەسەرەتای دروستبوونی تەلەفزیۆنەکەوە بەڕێوەبەری نەبوو لەلایەن وەزیری پەروەردە موە سەرپەرشتی دەکرا، راوێشکار و ئیدارەی هەبوو، پاش یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێم، یەکەم بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی پەروەردەیی، مامۆستا کاوە ئەحمەد میرزا بووە، پاش خانەنشین بونی. ئاسۆ جەمال موختار. بووە بە بەڕێوەبەری، دواتر ئاکۆ عومەر بۆماوەی ساڵێک بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی پەروەردەی بووە، کۆتا بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی پەروەردەی دڵبەند مستەفا یە کە تائێستا بەردەوامە لە بەڕێوەبردنی تەلەفزیۆنی پەروەردەی.[٢٨]

**سێیەم : پەخشی تەلەفزیۆنی پەروەردەی**

پەخشی تەلەفزیۆنی پەروەردەی پەخشێکی ناوخۆیە بەرنامە کانی ئاراستەی سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستا دەکات

**چوارەم : بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی پەروەردەی**

تەلەفزیۆنی پەروەردەی بەرنامەکانی لەبواری پەروەردە و فێرکردندایە، تەلەفزیۆنی پەروەردەی رۆژانە هەواڵی پەروەردەی هەیە، تەلەفزیۆنی پەروەردەی کارو چالاکی سەرجەم پەروەردەکان لەشار و شارۆچکەکانی کوردستاندا پەخش دەکات، تەلەفزیۆنی پەروەردەی وانەکانی قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی و دوانزەی ئامادەیی بۆ خوێندکاران دەگوازێتەوە، هەروەها تەلەفزیۆنی پەروەردەی چەندین بەرنامەی پەروەردەیی هەیە. وەک (پلانی ستراتیژی، دیداری تایبەت، ستۆدیۆی پەروەردەی، ژن لە پەرورردەدا، پەروەردە و کۆمەڵ، سەردانی قوتابخانەکان، دیکۆمێنتاریی، هونەر لە خوێندنگا).[٢٩]

---

[٢٨] دڵبەند مستەفا، بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی پەروەردەی، چاوپێکەوتنی کەسی توێژەر، بەرواری سەردانیکردن، ٢٠٢٠/١/١٨

[٢٩] ئاسۆ جەمال موختار، بەڕێوەبەری هونەری تەلەفزیۆنی پەروەردەی، چاوپێکەوتنی کەسی توێژەر، بەرواری سەردانیکردن، ٢٠٢٠/١/١٨

## بەشی سێیەم : لایەنی مەیدانی

### یەکەم: هەنگاوەکانی فۆرمی ڕاپرسی

١-توێژەر هەستا بەنوسینی چەند پرسیارێك و پاشان پیشانی مامۆستای سەرپەرشتیارو سێ مامۆستای شارەزای بوارەکەی داوە تێبینی خۆیان نوسی.

٢-توێژەر (٦٠) فۆرمی دابەش کردوە (١٠) فۆرمیان ناتەواو بووەو (٥٠) فۆرمیان تەواوبووە.

٣-توێژەر لەسەر بنەمای زانیاری ناو فۆرمەکان ئەنجامەکان دەرهێناوە.

### ئامادەکردنی ڕاپێوییەکە:

توێژەر هەستاوە بەئامادەکردنی فۆرمی ڕاپێوی کە لە دوو بەش پێکهاتووە(زانیاری گشتی و زانیاری تایبەتی)دابەشکردنی بەسەر سامپڵی توێژینەوەکەدا کەلە (٥٠) خوێندکاری هەموو سکوڵ و بەشەکانی زانکۆی سلێمانی پێکهاتووە,هەروەها ئامانجی ڕاپێویەکە خۆی دەبینێتەوە لەزانینی (ڕۆڵی کەناڵە تەلەفزوێنیە ئاسمانیەکان لەهاندانی پێکەوەژیانی نێوان ئاینەکان).

### ڕاستی و دروستی (الصدق):

ڕاستی ودروستی:ڕاستی ڕواڵەتی بەکار هێناوە بۆهەڵسەنگاندنی ڕاستگۆیی وفۆرمی ڕاپێوی,بۆ دیاریکردنی (ڕۆڵی کەناڵە تەلەفزوێنیە کوردییەکان لەپێکەوەژیانی نێوان ئاینەکان).بەمەبەستی دەرهێنانی ڕواڵەتی دروستی ڕاپێوییەکە لە (١٧) پرسیار پێکهاتبوو,ئەم فۆرمی ڕاپێوییە ڕەزامەندی (٣)مامۆستای پسۆری وەرگرت وە,هەریەك لەمامۆستایان ( پ.ی.د.کاروان حسن ,د.نەزاکەت حسین ,م.جوانە جلال الدین )مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لە سکوڵی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی, لە دوای پێدانی کۆمەڵێك تێبینی و سەرنج لەلایەن ئەو مامۆستا پسپۆرانەوەو,ڕەزامەندیان داوە کە فۆرمی ڕاپرسیەکە کاری پێ بکرێت.

دوای تۆمارکردنی تێبینیەکان هاوکێشەی ڕواڵەتی = بەبڕگە ڕاستەکان ÷کۆی بڕگەکان ×١٠٠

کەواتە ڕاستی ڕواڵەتی =٨٩%

دڵنیابوون لەجێگری(الثبات):

دڵنیابوون لەجێگری و ڕەسەنایەتی بەرتوێژەکان،لەڕێگەی (دوپاتکردنەوە) و دابەشکردنی بەسەر (٢٠%) بەرتوێژەکاندا وپاشان تاوتوێکردنیان لەڕێگەی پرۆسەی بەراودکاری و ئەنجامدانی یەکەم جار و دووەم جار:

بەبەکارهێنانی هاوکێشەی (بیرسۆن)

$$\text{جێگیری} = \frac{\text{کۆی بڕگە لەیەکچووەکانی جاری یەکەم و دووەم}}{\text{کۆی بڕگەکانی جاری یەکەم و دووەم}} \times ١٠٠ = ٨٧\%$$

**دووەم : پرسیارە گشتیەکان**

**خشتەی ژمارە (١)**

**دابەشبونی بەشداربوان بەپێی ڕەگەز**

| ڕەگەزی بەرتوێژان | دووبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| نێر | ٢٤ | ٤٨ % |
| مێ | ٢٦ | ٥٢ % |
| کۆ | ٥٠ | ١٠٠ % |

١-ڕەگەزی بەشداربوان:

لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت (٢٤) کەس بەڕێژەی (٤٨%)ی سامپڵی توێژینەوەکە لەڕەگەزی (نێر)ن، هەروەها (٢٦) کەس بەڕێژەی (٥٢%) ڕەگەزی (مێ)یە، لێرەدا وادەردەکەوێت ڕێژەی مێ زیاترە لەتەماشاکردنی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەسامپڵی توێژینەوەکەدا.

**خشتەی ژمارە (٢)**

**دابەشبوونی سامپڵی توێژینەوە بەپێی تەمەن**

| ژمارە | تەمەن | دووبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ١ | ١٦-١٨ | ٣٥ | ٧٠ % |
| ٢ | ١٩-٢١ | ١٥ | ٣٠ % |
| ٣ | ٢٢-٢٤ | سفر | سفر |
| ٤ | ٢٥ بەرەوسەرەوە | سفر | سفر |
| | کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ % |

٢-تەمەنی بەشداربوان.

لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت کەبەڕێژەی (٧٠%)ی سامپڵی توێژینەوەکە تەمەنیان لەنێوان( ١٦-١٨)دایە، وبەڕێژەی (٣٠%) تەمەنیان لەنێوان (١٩-٢١)دایە، (مێ)یە، بەپێی زانیاری فۆرمەکە هیچ یەك لەبەشداربوانی سامپڵەکە تەمەنیان لەنێوان (٢٢-٢٤) و (٢٥ بەرەو سەرەوە) نیە.

**خشتەی ژمارە (٣)**

**دابەشبونی بەشداربوانی سامپڵی توێژینەوە بەپێی ئاستی خوێندن**

| ژمارە | ئاستی خوێندن | دووبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ١ | دەیەم | ٢١ | ٤٢ % |
| ٢ | یانزەیەم | ١٢ | ٢٨ % |
| ٣ | دوازدەیەم | ١٥ | ٣٠% |
| | کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ % |

**٣-ئاستی خوێندن:**

لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت بەڕێژەی (٤٢%)ی سامپڵی توێژینەوەکە خوێندکاری قۆناغی (دەیەم)ن، و بەڕێژەی (٢٨%) قۆناغی (یانزەیەم)ن، و بەڕێژەی ( ٣٠%) قۆناغی (دوانزەیەم)ن، بەمەش وادەردەکەوێت زۆرترین بینەری تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەقۆناغی دەیەمدان.

**خشتەی ژمارە (٤)**

**دابەشبونی بەشداربوانی سامپڵی توێژینەوە بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون:**

| ژمارە | شوێنی نیشتەجێبوون | دووبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ١ | ناوشار | ٥٠ | ١٠٠ % |
| ٢ | دەرەوەی شار | سفر | سفر % |
| | کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ % |

**٤-شوێنی نیشتەجێبوون :**

لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت کەبەڕێژەی (٤٢%)ی سامپڵی توێژینەوەکە خوێندکاری قۆناغی (دەیەم)ن، و بەڕێژەی (١٠٠%) سامپڵی توێژینەوە دانیشتوانی ناوشارن، هیچ دانیشتویەکی دەرەوەی شار لەسامپڵەکەدا نیە.

**خشتەی ژمارە (٥)**

**دابەشبونی بەشداربوانی سامپڵی توێژینەوە بەپێی سەیرکردنی تەلەفزیۆن**

| ژمارە | قۆناغی خوێندن | دووبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ١ | زۆر | ٤ | ٨ % |
| ٢ | تاڕادەیەك | ٢٦ | ٥٤ % |
| ٣ | کەم | ٢٠ | ٤٠ % |
| | کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ % |

**٥-ئایا سەیری تەلەفزیۆن دەکەیت :**

لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت بەڕێژەی (٨%)ی سامپڵی توێژینەوەکە سەیری تەلەفزیۆن دەکەن، و بەڕێژەی (٥٢%) (تاڕادەیەك) سەیری تەلەفزیۆن دەکەن و بەڕێژەی ( ٤٠%) سەیری تەلەفزیۆن دەکەن لەسامپڵی توێژینەوەکە.

**خشتەی ژمارە (٦)**

**دابەشبونی بەشداربوانی سامپڵی توێژینەوە بەسەر بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی**

| ژمارە | سەیری بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی دەکەیت | دووبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ١ | بەڵێ | ١٢ | ٢٤ % |
| ٢ | تاڕادەیەك | ٣٠ | ٦٠ % |
| ٣ | نەخێر | ٨ | ١٦ % |
| | کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ % |

**٥-ئایا سەیری تەلەفزیۆن دەکەیت :**

لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت بەڕێژەی (٢٤%)ی بەشداربوانی سامپڵی توێژینەوەکە بینەری بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی پەروەردەین، و بەڕێژەی (٦٠%) (تاڕادەیەك) بەڕێژەی ( ١٦%) بەشداربوانی سامپڵی توێژینەوە کەبینەری بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی پەروەردەیین، بەمەش دەردەکەوێت زۆرترین خوێندکار تاڕادەیەك بینەری بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی پەروەردەیین.

**خشتەی ژمارە (٧)**

**هۆکارەکانی سەیرنەکردنی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی**

| ژمارە | هۆکارەکانی سەیرنەکردنی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی | دووبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ١ | ئاستی لاوازە | ٢ | ٢٥% |
| ٢ | بەرنامەکانی پێویستیەکانم پڕناکەنەوە | ١ | ١٢,٥ % |
| ٣ | کاتم نیە بۆی | ٥ | ١٦ % |
| | کۆی گشتی | ٨ | ١٠٠ % |

**٧-هۆکاری سەیرنەکردنی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی :**

لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت بەڕێژەی (٢٥%)ی بەشداربوانی سامپڵی توێژینەوەکە واتە خوێندکاران ئاستی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بەلاواز دادەنێن، و بەڕێژەی (١٢,٥%) بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی پەروەدەیی پێداویستیەکانیان پڕ ناکاتەوە و بەڕێژەی (٦٢,٥%) کاتیان نیە بۆ سەیرکردنی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی.

**خشتەی ژمارە (٨)**

**دابەشبونی بەشداربوانی سامپڵی توێژینەوە بەسەر گرنگی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بۆ گەشەپێدانی پەروەردەیی**

| ژمارە | ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بەگرنگ دەزانیت بۆ گەشەپێدانی پەروەدەیی ؟ | دووبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ١ | بەڵێ | ٢٥ | ٥٩,٧ % |
| ٢ | تاڕادەیەك | ١٥ | ٣٥,٧ % |
| ٣ | نەخێر | ٢ | ٢,٧ % |
| | کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ % |

**٨-ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بەگرنگ دەزانیت بۆ گەشەپێدانی پەروەدەیی ؟**

لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت بەڕێژەی (٥٩,٥%) پێیان وایە (بەڵێ) تەلەفزیۆنی پەروەدەیی گرنگە بۆ گەشەپێدانی پەروەردەیی و بەڕێژەی (٣٥,٧%) پێیان وایە (تاڕادەیەك) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی گرنگە بۆ گەشەپێدانی پەروەردەیی و بەڕێژەی (٤,٧%) پێیان وایە (نەخێر) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی گرنگ نیە بۆ گەشەپێدانی پەروەردەیی.

**خشتەی ژمارە (٩)**

**دابەشبونی بەشداربوانی سامپڵی توێژینەوە کەئاستی هاوچەرخ بوونی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی دەردەخات؟**

| ژمارە | بابەتەکانی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی وەك ئامرازێکی فێرکردنی هاوچەرخ دەبینی؟ | دووبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ١ | زۆر | ١٥ | ٣٥,٧ % |
| ٢ | تاڕادەیەك | ١٧ | ٤٠,٤ % |
| ٣ | کەم | ١٠ | ٢٣,٨ % |
| | کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ % |

**٩-بابەتەکانی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی وەك ئامرازێکی فێرکردنی هاوچەرخ دەبینی؟**

لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت بەڕێژەی (٣٥,٧%) لەسامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە تەلەفزیۆنی پەروەدەیی (زۆر) بەئامرازێکی فێرکردنی هاوچەرخ دەبینن و بەڕێژەی (٤٠,٤%) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی (تاڕادەیەك) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بەئامرازێکی هاوچەرخ دەبینن و بەڕێژەی (٢٣,٨%) (کەم) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بەئامرازێکی هاوچەرخ دەبینن.

**خشتەی ژمارە (١٠)**

**ئاستی پاڵپشتی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بۆ خوێندکاران دەردەخات**

| ژمارە | ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی وەك پاڵپشتی خوێندکاران دەبینی؟ | دووبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ١ | زۆر | ١١ | % ٢٦,١ |
| ٢ | تاڕادەیەك | ١٦ | % ٣٨ |
| ٣ | کەم | ١٥ | % ٣٥,٧ |
| | کۆی گشتی | ٥٠ | % ١٠٠ |

**١٠- ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی وەك پاڵپشتی خوێندکاران دەبینی؟**

لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت بەڕێژەی (٢٦,١%) لەسامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە تەلەفزیۆنی پەروەدەیی (زۆر)پاڵپشتی خوێندکارانە،و بەڕێژەی (٣٨%) پێیان وایە (تاڕادەیەك) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی پاڵپشتی خوێندکارانە و بەڕێژەی (٣٥,٧%) پێیان وایە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی (کەم) پاڵپشتی خوێندکارانە.

**خشتەی ژمارە (١١)**

**ئاستی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی دەردەخات لەپەیوەندی نێوان مامۆستاو خوێندکار.**

| ژمارە | ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بۆتە پردی نێوان مامۆستاو خوێندکار؟ | دووبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ١ | زۆر | ٣ | ٧,١ % |
| ٢ | تاڕادەیەك | ١٥ | ٣٥,٧ % |
| ٣ | کەم | ٢٤ | ٥٧,٧ % |
| | کۆی گشتی | ٤٢ | ١٠٠ % |

**١١- ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بۆتە پردی نێوان مامۆستاو خوێندکار؟**

لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت بەڕێژەی (٧,١%) لەسامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە تەلەفزیۆنی پەروە(زۆر) بۆتە پردی نێوان مامۆستاو خوێندکار، و بەڕێژەی (٣٥,٧%) پێیان وایە (تاڕادەیەك) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بۆتە پردی پەیوەندی نێوان مامۆستاو خوێندکار وبەڕێژەی (٥٧,١%) پێیان وایە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی (کەم) بۆتە پردی پەیوەندی لەنێوان مامۆستاو خوێندکار.

**خشتەی ژمارە (١٢)**

**ئاستی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەبەخشینی زانیاری نوێی پەروەردەیی دەردەخات**

| ژمارە | ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بۆتە دەروازەیەك بۆ بەخشینی زانیاری نوێ؟ | دووبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ١ | زۆر | ١٠ | ٢٣,٨ % |
| ٢ | تاڕادەیەك | ٢٤ | ٥٧,١ % |
| ٣ | کەم | ٨ | ١٩ % |
| | کۆی گشتی | ٤٢ | ١٠٠ % |

**١٢-ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بۆتە دەروازەیەك بۆ بەخشینی زانیاری نوێ؟**

لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت بەڕێژەی (٢٣,٨%) لەسامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە بەڕادەیەکی(زۆر) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بۆتە دەروازەیەك بۆ بەخشینی زانیاری نوێی پەروەردەیی و بەڕێژەی (٥٧,١%) پێیان وایە (تاڕادەیەك) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بۆتە دەروازەیەك بۆ بەخشینی زانیاری نوێی پەروەردەیی و بەڕێژەی (١٩%) پێیان وایە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی (کەم) بووەتە دەروازەیەك بۆ بەخشینی زانیاری نوێی پەروەردەیی.

**خشتەی ژمارە (١٣)**

**ئاستی سود وەرگرتنی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەتەکنەلۆژیای سەردەم دەردەخات.**

| ژمارە | ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بۆتە دەروازەیەك بۆ بەخشینی زانیاری نویَ؟ | دووبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ١ | زۆر | ٩ | ٢١,٤ % |
| ٢ | تاڕادەیەك | ١٧ | ٤٠,٤ % |
| ٣ | كەم | ١٦ | ٣٨ % |
| | كۆی گشتی | ٤٢ | ١٠٠ % |

**١٣-ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی توانیویەتی سود لەتەکنەلۆژیا بۆ ژیانی سەردەم وەربگرێت؟**

لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت بەڕێژەی (٢١,٤%) لەسامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە بەڕادەیەکی(زۆر) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی سودی لەتەکنەلۆژیای سەردەم وەرگرتوە، و بەڕێژەی (٤٠,٤%) پێیان وایە (تاڕادەیەك) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی سودی لەتەکنەلۆژیای سەردەم وەرگرتووە، وبەڕێژەی (٣٥%) پێیان وایە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بەڕادەیەکی (کەم) سودی لەتەکنەلۆژیای سەردەم وەرگرتووە.

**خشتەی ژمارە (١٤)**

**ئاستی سود وەرگرتنی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەئەزموونی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی دەردەخات.**

| ژمارە | ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بۆتە دەروازەیەك بۆ بەخشینی زانیاری نوێ؟ | دووبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ١ | زۆر | ١٢ | ٢٨,٥ % |
| ٢ | تاڕادەیەك | ١٨ | ٤٢,٨ % |
| ٣ | كەم | ١٢ | ٢٨,٥ % |
| | كۆی گشتی | ٤٢ | ١٠٠ % |

**١٤- ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی توانیویەتی سود لەئەزموونی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی وەربگرێت؟**

لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەكان دەركەوت بەڕێژەی (٢٨,٥%) لەسامپڵی توێژینەوەكە پێیان وایە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بەڕادەیەكی(زۆر) توانیویەتی سود لەئەزموونی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی ببینێ بۆ خزمەتكردنی گەشەپێدانی پەروەردەیی ،و بەڕێژەی (٤٢,٨%) پێیان وایە (تاڕادەیەك) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی توانیویەتی سود لەئەزموونی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی وەربگرێت بۆ خزمەتكردنی گەشەپێدانی پەروەردەیی وبەڕێژەی (٢٨,٥%) پێیان وایە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بەڕادەیەكی (كەم) توانیویەتی سود لەئەزمونی سەرپەرشتیارانی پەروەردە وەربگرێت بۆ خزمەتكردنی پەروەردەیی.

**خشتەی ژمارە (١٥)**

**ئاستی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەگەشەپێدانی بەهرەی خێرخوازانی بەهرەمەند نیشان دەدات.**

| ژمارە | ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی توانیویەتی گەشە بەبەهەرەی فێرخوازانی بەهرەمەند بدات؟ | دووبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ١ | زۆر | ٧ | % ١٧ |
| ٢ | تاڕادەیەك | ١٩ | % ٤٥ |
| ٣ | کەم | ١٦ | % ٣٨ |
| | کۆی گشتی | ٤٢ | % ١٠٠ |

**١٥- ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی توانیویەتی گەشە بەبەهەرەی فێرخوازانی بەهرەمەند بدات؟**

لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت بەڕێژەی (١٧ %) لەسامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە بەڕادەیەکی(زۆر) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی توانیویەتی گەشە بەبەهەرەی فێرخوازانی بەهرەمەند بدات و بەڕێژەی (٤٥%) پێیان وایە (تاڕادەیەك) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی توانیویەیت گەشە بەبەهەرەی فێرخوازان بدات و، وبەڕێژەی (٣٨%) پێیان وایە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی توانیویەتی گەشە بەبەهەرەی فێرخوازانی بەهرەمەند بدات.

**خشتەی ژمارە (١٦)**

**ئاستی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەڕوماڵکردنی چالاکی قوتابخانەکان دەردەخات.**

| ژمارە | ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی توانیویەتی ڕۆماڵی چالاکی قوتابخانەکان بکات؟ | دووبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ١ | زۆر | ١٠ | ٢٣,٨ % |
| ٢ | تاڕادەیەك | ٢٠١٢ | ٤٧,٦ % |
| ٣ | کەم | ١٦ | ٢٨,٥ % |
| | کۆی گشتی | ٤٢ | ١٠٠ % |

**١٦- ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی توانیویەتی ڕۆماڵی چالاکی قوتابخانەکان بکات؟**

لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت بەڕێژەی (٢٣,٨ %) لەسامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە بەڕادەیەکی(زۆر) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی توانیویەتی ڕۆماڵی چالاکی قوتابخانەکان بکات و بەڕێژەی (٤٧,٦ %) پێیان وایە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی (تاڕادەیەك) توانیویەتی ڕۆماڵی چالاکی قوتابیەکان بکات و بەڕێژەی (٢٨,٥%) پێیان وایە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بەڕادەیەکی (کەم) توانیویەتی ڕۆماڵی چالاکی قوتابخانەکان بکات.

**خشتەی ژمارە (١٧)**

**ئاستی لێکۆڵینەوەی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەگرفتە پەروەردەییەکان دەردەخات.**

| ژمارە | ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی سەردانی قوتابخانەکان دەکات و لەگرفتە پەروەردەییەکان دەکۆڵێتەوە؟ | دووبارە | ڕێــــژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ١ | زۆر | ٩ | % ٣١,٩ |
| ٢ | تاڕادەیەك | ١٠ | % ٢٣,٨ |
| ٣ | کەم | ٢٣ | % ٥٤,٦ |
| | کۆی گشتی | ٤٢ | % ١٠٠ |

١٧- ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی سەردانی قوتابخانەکان دەکات و لەگرفتە پەروەردەییەکان دەکۆڵێتەوە؟

لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت بەڕێژەی (٣١,٩ %) لەسامپڵی تویژینەوەکە پێیان وایە بەڕادەیەکی(زۆر) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی توانیویەتی سەردانی قوتابخانەکان بکات و لەگرفتە پەروەردەییەکان دەکۆڵێتەوە وبەڕێژەی (٢٣,٥%) و بەڕێژەی (٥٤,٦%) پێیان وایە (کەم) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی سەردانی قوتابخانەکان دەکات و لەگرفتە پەروەردەییەکان دەکۆڵێتەوە.

**خشتەی ژمارە (١٨)**

**ئاستی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەگرنگیدان بەتەندروستی فێرخوازان دەردەخات.**

| ژمارە | ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی گرنگی بەتەندروستی فێرخوازان دەدات ؟ | دووبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ١ | زۆر | ١٥ | ٣٥,٧ % |
| ٢ | تاڕادەیەك | ١٥ | ٣٥ % |
| ٣ | کەم | ١٢ | ٢٨,٨ % |
| | کۆی گشتی | ٤٢ | ١٠٠ % |

**١٨- ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی گرنگی بەتەندروستی فێرخوازان دەدات ؟**

لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت بەڕێژەی (٣٥,٧ %) لەسامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە بەڕادەیەکی(زۆر) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی توانیویەتی گرنگی بەتەندروستی فێرخوازان داوەو بەڕێژەی (٣٥,٧%) پێیان وایە (تاڕادەیەك) و بەڕێژەی (٢٨,٨%) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی توانیویەتی بەڕادەیەکی (کەم) گرنگی بەتەندروستی فێرخوازان بدات.

**خشتەی ژمارە (١٩)**

**ئاستی گرنگیدانی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی ژینگەی دەردەخات.**

| ژمارە | ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی گرنگی بەتەندروستی فێرخوازان دەدات ؟ | دووبارە | رێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ١ | زۆر | ١٧ | ٤٠,٤ % |
| ٢ | تارادەیەك | ١٥ | ٣٥,٧ % |
| ٣ | كەم | ١٠ | ٢٣,٨ % |
| | كۆی گشتی | ٤٢ | ١٠٠ % |

**١٩- ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی گرنگی بەتەندروستی ژینگەیی دەدات ؟**

لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەكان دەركەوت بەرێژەی (٤٠,٤ %) لەسامپڵی توێژینەوەكە پێیان وایە بەرادەیەكی(زۆر) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی توانیویەتی گرنگی بەپەروەردەی ژینگەیی بدات و بەرێژەی (٣٥,٧%) پێیان وایە (تارادەیەك) و بەرێژەی (٢٣,٨%) پێیان وایە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بەرادەیەكی (كەم) توانیویەتی گرنگی بەپەروەردەی ژینگەیی بدات.

**خشتەی ژمارە (٢٠)**

**ئاستی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەگەیاندنی کێشەو گرفتەکانی خوێندکاران بەلایەنی پەیوەندیدار دەردەخات.**

| ژمارە | ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بۆتە ناوەندێك بۆ گەیاندنی کێشەو گرفتەکانی خوێندکاران بەلایەنی پەیوەندیدار؟ | دووبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ١ | زۆر | ٩ | ٢١,٤ % |
| ٢ | تاڕادەیەك | ٢٠ | ٤٧,٦ % |
| ٣ | کەم | ١٣ | ٣١ % |
| | کۆی گشتی | ٤٢ | ١٠٠ % |

**٢٠- ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بۆتە ناوەندێك بۆ گەیاندنی کێشەو گرفتەکانی خوێندکاران بەلایەنی پەیوەندیدار؟**

لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت بەڕێژەی (٢١,٤ %) لەسامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە بەڕادەیەکی(زۆر) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بۆتە ناوەندێك بۆ گەیاندنی کێشەو گرفتەکانی خوێندکاران بەلایەنی پەیوەندیدار، وبەڕێژەی (٤٧,٦ %) پێیان وایە (تاڕادەیەك) و بەڕێژەی (٣١ %) پێیان وایە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بەڕادەیەکی (کەم) توانیویەتی کێشەو گرفتەکانی خوێندکاران بگەیەنێتە لایەنی پەیوەندیدار.

**خشتەی ژمارە (٢١)**

**ئاستی گرنگیدانی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بەمافەکانی مرۆڤ دەردەخات.**

| ژمارە | ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی گرنگی بەمافەکانی مرۆڤ دەدات؟ | دووبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ١ | زۆر | ١٢ | ٢٨,٥ % |
| ٢ | تاڕادەیەك | ١٤ | ٣٣,٣ % |
| ٣ | کەم | ١٦ | ٣٨ % |
| | کۆی گشتی | ٤٢ | ١٠٠ % |

**٢١- ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی گرنگی بەمافەکانی مرۆڤ دەدات؟**

لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت بەڕێژەی (٢٨,٥ %) لەسامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە بەڕادەیەکی(زۆر) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی توانیویەتی گرنگی بەمافەکانی مرۆڤ بدات و بەڕێژەی (٣٣,٣%) پێیان وایە (تاڕادەیەك) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بەڕادەیەکی (کەم) بەڕێژەی (٣٨%) گرنگی بەمافەکانی مرۆڤ دەدات.

**خشتەی ژمارە (٢٢)**

**ئاستی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەئاست چاوەڕوانیەکانی دەردەخات.**

| ژمارە | ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەئاستی چاوەڕوانی تۆی خوێندکاردایە ؟ | دووبارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ١ | زۆر | ٨ | ١٩ % |
| ٢ | تاڕادەیەك | ١٧ | ٤٠,٤ % |
| ٣ | کەم | ١٧ | ٤٠,٤ % |
| | کۆی گشتی | ٤٢ | ١٠٠ % |

**٢٢- ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی گرنگی بەمافەکانی مرۆڤ دەدات؟**

لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت بەڕێژەی (١٩ %) لەسامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە بەڕادەیەکی(زۆر) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی توانیویەتی لەئاستی چاوەڕوانی خوێندکاراندا بێت و بەڕێژەی (٤٠,٤ %) پێیان وایە (تاڕادەیەك) و بەڕێژەی (٤٠,٤ %) پێیان وایە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی توانیویەتی بەڕادەیەکی (کەم) لەئاست چاوەڕوانی خوێندکاراندا بێت.

**خشتەی ژمارە (٢٣)**

**ئاستی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەسەر کارکردن لەئارامی دەرونی فێرخوازان.**

| ژمارە | ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی کار لەسەر ئارامی دەرونی خوێندکاران دەکات ؟ | دووبارە | رێـــژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ١ | زۆر | ٨ | ١٩ % |
| ٢ | تارادەیەك | ١٦ | ٣٨ % |
| ٣ | کەم | ١٨ | ٤٣ % |
| | کۆی گشتی | ٤٢ | ١٠٠ % |

**٢٣-ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی کار لەسەر ئارامی دەرونی خوێندکاران دەکات ؟**

لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت بەرێژەی (١٩ %) لەسامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە بەرادەیەکی(زۆر) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی کار لەسەر ئارامی دەرونی فێرخوازان دەکات و بەرێژەی (٣٨%) پێیان وایە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی (تارادەیەك) کار لەسەر ئارامی دەرونی فێرخوازان دەکات و بەرێژەی (٤٣%) پێیان وایە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بەرادەیەکی (کەم) کار لەسەر ئارامی دەرونی فێرخوازان دەکات.

## دەرئەنجام

١. لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت بەڕێژەی (٢٥%)ی بەشداربوانی سامپڵی توێژینەوەکە واتە خوێندکاران ئاستی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بەلاواز دادەنێن، و بەڕێژەی (١٢,٥%) بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی پەروەدەیی پێداویستیەکانیان پڕ ناکاتەوە و بەڕێژەی (٦٢,٥%) کاتیان نیە بۆ سەیرکردنی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی.

٢. لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت بەڕێژەی (٥٩,٥%) پێیان وایە (بەڵێ) تەلەفزیۆنی پەروەدەیی گرنگە بۆ گەشەپێدانی پەروەردەیی و بەڕێژەی (٣٥,٧%) پێیان وایە (تاڕادەیەك) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی گرنگە بۆ گەشەپێدانی پەروەردەیی و بەڕێژەی (٤,٧%) پێیان وایە (نەخێر) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی گرنگ نیە بۆ گەشەپێدانی پەروەردەیی.

٣. لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت بەڕێژەی (٢٤%)ی بەشداربوانی سامپڵی توێژینەوەکە بینەری بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی پەروەردەین، و بەڕێژەی (٦٠%) (تاڕادەیەك) بەڕێژەی ( ١٦%) بەشداربوانی سامپڵی توێژینەوە کەبینەری بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی پەروەردەیین، بەمەش دەردەکەوێت زۆرترین خوێندکار تاڕادەیەك بینەری بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی پەروەردەیین.

٤. لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت بەڕێژەی (١٠٠%) سامپڵی توێژینەوە دانیشتوانی ناوشارن، هیچ دانیشتویەکی دەرەوەی شار لەسامپڵەکەدا نیە.

٥. لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت بەڕێژەی (٢٦,١%) لەسامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە تەلەفزیۆنی پەروەدەیی (زۆر)پاڵپشتی خوێندکارانە،و بەڕێژەی (٣٨%) پێیان وایە (تاڕادەیەك) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی پاڵپشتی خوێندکارانە و بەڕێژەی (٣٥,٧%) پێیان وایە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی (کەم) پاڵپشتی خوێندکارانە.

٦. لەئەنجامی دەرهێنانی زانیاری فۆرمەکان دەرکەوت بەڕێژەی (٢٣,٨%) لەسامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە بەڕادەیەکی(زۆر) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بۆتە دەروازەیەك بۆ بەخشینی زانیاری نوێی پەروەردەیی و بەڕێژەی (٥٧,١%) پێیان وایە (تاڕادەیەك) تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بۆتە دەروازەیەك بۆ بەخشینی زانیاری نوێی پەروەردەیی و بەڕێژەی (١٩%) پێیان وایە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی (کەم) بووەتە دەروازەیەك بۆ بەخشینی زانیاری نوێی پەروەردەیی.

## ڕاسپاردە

**توێژەر ڕاسپاردەکانی لەم چەند خاڵەی خوارەوە دەخاتەڕوو:**

١. پێویستە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی کار لەسەر ئارامی دەرونی خوێندکاران بکات بەشێوەیەکی باشترو ڕێژەیەکی زیاتر .
٢. گرنگە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی ببێتە ناوەندێك بۆ گەیاندنی کێشەو گرفتەکانی خوێندکاران بەلایەنی پەیوەندیدار.
٣. گرنگە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی گرنگی بەتەندروستی ژینگەیی بدات بۆ ئەوەی خوێندکاران هەست بەبەرپرسیاری بکەن بەرانبەر ژینگەی وڵاتەکەیان.
٤. تەلەفزیۆنی پەروەردەیی پێویستە زیاتر کار لەسەر ڕۆماڵی چالاکی قوتابخانەکان بکات بەئامانجی دەرخستنی توانای خوێندکاران.
٥. گرنگە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی سود لەتەکنەلۆژیا بۆ ژیانی سەردەم وەربگرێت بەڕێژەیەکی زیاتر بۆ فەرەهامکردنی کەشێکی گونجاو بۆ زوو تێگەشتنی خوێندکار.
٦. تەلەفزیۆنی پەروەردەیی پێویستە هەمیشە خۆی وەك پاڵپشتی خوێندکاران دەربخات و ئامانجی هینانەدی خواستە گونجاوەکانی خوێندکاران بێت.

# سەرچاوەکان

## أ-سەرچاوە کوردییەکان:

ئەحمەد قەرەداغی، ئەزموونی گەلان لەبواری پەروەردە و فێرکردندا، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٣.

م.بەنازحمەرەشید، دەرس گوتاری، (ژانرەکانی تەلەفزیۆن)، قۆناغی سێیەم، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٩.

محەمەد فەریق حەسەن، دەسەڵاتی چوارەم و زمانی تەلەفزیۆن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧.

د. بروتسکی، الصحافةالتلفزيونية، دمشق، ١٩٩٠.

حەبیب کەرکوکی، پێشەکیەک بۆ زانستی رایگەیاندن،و لە عەرەبییەوە، ڕابەر رەشید، ٢٠٠٨.

عاصف حميدي، کارکردن لە تەلەفزیۆندا، و. حەکیم عوسمان، چاپی یەکەم، ٢٠١٠

برایم فەڕشی، تەلەوزیۆن لەنێوان دامەزراندن و داڕزاندندا، سەرماوەزی ٢٧٠٥،ئەڵمانیا.

ئەمیر نامیق عبدالله، رادیۆ و تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان.

عاصف حميدي، کارکردن لە تەلەفزیۆندا، و. حەکیم عوسمان، چاپی یەکەم، ٢٠١٠.

سەباح مەجید، تەلەفزیۆنە کوردیەکان و ڕۆلی لە پێشخستنی کۆمەڵگادا، کەناڵە ئاسمانییەکان و کەناڵە ناوخۆییەکانی هەولێر وەک نموونە.

برایم فەڕشی، تلەوزیۆن لە نێوان دامەزراندن و داڕزاندندا.

حەبیب کەرکوکی، و. ڕابەر رەشید، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨.

مەجید ساڵح عەزیز، بنەما تیۆرییەکانی ڕای گشتی و ڕاگەیاندن، ٢٠٠٣ _ ٢٠٠٤.

مەجید ساڵح، بنەما تیۆرییەکانی رایگشتی و ڕاگەیاندن، ڕۆڵی میدیا لە دروستکردنی ڕایگشتیدا، مەکتەبی بیر و. هۆشیاری (ی. ن. ک) ٢٠٠٦.

مضفرمندوب، التلفزيون و دورالتربوي في حيات طفل،البغداد، ١٩٨٣.

د. جيهان أحمد رشتي، النظام الزاعيه المجتمعات الغربية.

هاوژین عومەر، تەکنیکی نوسینی میدیای، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.

فتح الله، ابراهيم سعيد، الوضيفةالاخبارية القنوات الفضائية في إقليم كوردستان، الرسالة ماجستير غيرمنشوره،قسم اعلام، كلية علوم الانسانيه، جامعة السلمانية، ٢٠٠٧.

صباح علي جاف، پەروەردە و فێربوون، گرفت و گۆڕان، ٢٠١١.

فوئاد قەرەداغی، بەرەو گوتاریکی پەروەردەیی نوێ، سلێمانی، ٢٠٠٢.

## ب-پێگە ئەلیکترۆنیەکان:

هونەر کەمال قادر، رۆڵی مامۆستا لە پەروەردە و فێرکردن بەرواری سەردان، ٢٠٢٠/١/١٥.

www.komalnasany bingol. com

چنارە سەعد عەبدوڵڵا، پەروەردە و نەتەوایەتی، چاپی یەکەم، ٢٠١٠.

زاهید حسن، سۆما سەرحەد، پەروەردە و فەلسەفەی پەروەردە، ، بەرواری سەردان، ١٧/ ١/ ٢٠٢٠.

http:/penus.krd / index

هۆمەر قەرەداغی، سیستەمی فێرکاری، چاپی دووەم، کوردستان، ٢٠٠٦، ل٥

## ج-چاوپێکەوتن.

دڵبەند مستەفا، بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی پەروەردەی، چاوپێکەوتنی کەسی توێژەر، بەرواری سەردانیکردن، ٢٠٢٠/١/١٨

ئاسۆ جەمال موختار، بەڕێوەبەری هونەری تەلەفزیۆنی پەروەردەی، چاوپێکەوتنی کەسی توێژەر، بەرواری سەردانیکردن، ٢٠٢٠/١/١٨

# پاشکۆ

وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان

بەشی ڕاگەیاندن

قۆناغی چوارەم

**فۆرمی ڕا پرسی**

**سلاٌو خوێندکاری خۆشەویست**

**بەڕێزان ئەم فۆرمە ڕا پرسیەی لەبەردەستت دایە بـۆ ئە نجامـدانی توێژینەوەیـەکی زانسـتیە دەربـارەی ( ڕۆڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەگەشە پێدانی پەروەردەو فێرکردندا ) توێژینەوەیەکی وەسفی مەیدانیە کەوەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنـانی بڕوانامەی بەکالۆریس لەزانستی میدیادا، سوپاس بۆ وەلاٌمدانەوەی پرسیارەکانی ئەم فۆرمە لە پێناو گەشـە پێدانی توێژینـەوەی زانسـتی لـەبواری میـدیای پەروەردەییدا، هاوکاریتان بەرز دەنرخێت.**

**توێژەر :**

**هەڵۆ محمد**

**سەرپەرشتیار :**

**م.هاوڕێ محمود**

**بەشی یەکەم:**

**زانیاری گشتی:**

١: ڕەگەز نێر ☐ مێ ☐ هی تر ☐

٢ : تەمەن : ١٦- ١٨ ☐ ١ –٢١ ☐ –٢٤ ☐

٢٥ بەرەو سەرەوە ☐

٣: قۆناغی خوێندن :

دەیەم ☐ یانزەیەم ☐ دوازدەیەم ☐

٤ : شوێنی نیشتەجێبوون :

ناوشار ☐ دەرەوەی شار ☐

**بەشی دووەم:**

٥-ئایا سەیری تەلەفزیۆن دەکەیت ؟

زۆر ☐ تاڕادەیەك ☐ کەم ☐

٦-ئایا بینەری بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی پەروەردەییت ؟

بەڵی ☐ تاڕادەیەك ☐ نەخێر ☐

٧-ئەگەر وەڵامەکەت ( نەخێر )ە هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە ؟

ئاستی زۆر لاوازە ☐ بەرنامەکانی پێداویستی من پڕناکاتەوە ☐

کاتم نیە بۆی ☐

٨-ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بەگرنگ دەزانیت بۆ گەشەپێدانی پەروەردەیی ؟

بەڵی ☐ تاڕادەیەك ☐ نەخێر ☐

٩- ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی وەك ئامرازێکی فێرکردنی هاوچەرخ دەبینیت ؟

زۆر ☐ تاڕادەیەك ☐ کەم ☐

١٠-ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی وەك پاڵپشتی خوێندکاران دەبینیت ؟

زۆر ☐ تاڕادەیەك ☐ کەم ☐

١١-ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بۆتە پردی پەیوەندی لەنێوان مامۆستاو خوێندکاراندا ؟

زۆر ☐ تاڕادەیەك ☐ کەم ☐

١٢-ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بۆتە دەروازەیەك بۆ بەخشینی زانیاری نوێی پەروەردەیی ؟

زۆر ☐ تاڕادەیەك ☐ کەم ☐

١٣-ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی توانیویەتی سوود لەتەکنەلۆژیای سەردەم وەربگرێت بۆ خزمەتکردنی گەشەپێدانی پەروەردەیی ؟

زۆر ☐ تاڕادەیەك ☐ کەم ☐

١٤- ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی توانیویەتی سوود لەئەزموونی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی وەربگرێت و بیگوازێتەوە بۆ خوێندکاران ؟

زۆر ☐ تاڕادەیەك ☐ کەم ☐

١٥- ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی توانیویەتی گەشە بەبەهرەی فێرخوازانی بەهرەمەند بدات ؟

زۆر ☐ تاڕادەیەك ☐ کەم ☐

١٦- ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی توانیویەتی ڕوماڵی چالاکی قوتابخانەکان بکات ؟

زۆر ☐ تاڕادەیەك ☐ کەم ☐

١٧- ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی سەردانی قوتابخانەکان دەکات و لەگرفتە پەروەردەییەکان دەکۆڵێتەوە ؟

زۆر ☐ تاڕادەیەك ☐ کەم ☐

١٨- ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی گرنگی بەتەندروستی فێرخوازان دەدات ؟

زۆر ☐ تارادەیەك ☐ كەم ☐

١٩- ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی گرنگی بە پەروەردەی ژینگەیی دەدات ؟

زۆر ☐ تارادەیەك ☐ كەم ☐

٢٠- ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بۆتە ناوەندێك بۆ گەیاندنی كێشەو گرفتەكانی خوێندكاران بەلایەنی پەیوەندیدار ؟

زۆر ☐ تارادەیەك ☐ كەم ☐

٢١- ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی گرنگی بەبواری پەروەردەی مافەكانی مرۆڤ دەدات ؟

زۆر ☐ تارادەیەك ☐ كەم ☐

٢٢- ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەئاست چاوەڕوانی تۆی خوێندكاردایە ؟

زۆر ☐ تارادەیەك ☐ كەم ☐

٢٣- ئایا تەلەفزیۆنی پەروەردەیی كار لەسەر ئارامی دەروونی فێرخوازان دەكات ؟

زۆر ☐ تارادەیەك ☐ كەم ☐